**وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٥٠٣٩ لە ٢٠١٥/٨/١٦**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٩)ی پەیڕەوی ماڵەكانی بەساڵاچووان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) ئەم ڕێنماییەمان دەركرد :-**

## ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥
## تایبەت بە ماڵەكانی بەساڵاچووان

**ماددەی (١):**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە و ماناكانیان كە لە بەرامبەریان هاتووە بۆ جێبەجێ كردنی ئەم ڕێنماییە:**

**یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان _ عێراق.**

**دووەم: وەزارەت : وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەرێم.**

**سێیەم: وەزیر: وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەرێم.**

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری وگەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لەپارێزگا و ئیدارەكانی هەرێم.**

**پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی: بەڕێوەبەری گشتی چاودێریو گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە پارێزگاو ئیدارەكانی هەرێم.**

**شەشەم: بەساڵاچوو: هەر كەسێك تەمەنی لە (٦٠) ساڵ كەمتر نەبێت بۆ پیاو وە لە (٥٥) ساڵ كەمتر نەبێت بۆ ئافرەت وە پێویستی بە چاودێری هەبێت.**

**حەوتەم: بەساڵاچووی پەككەوتە: هەر بەساڵاچووێك كە ناتوانێت بە دەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆی بچێت هەروەها بۆ جێ بە جێ گەیاندنی پێداویستەكانی و چاودێری كردنی پێویستی بە كەسێكە هەمیشە لەگەڵی بێت.**

**هەشتەم: ماڵی بەساڵاچووان: ئەو شوێنەی كە بۆ حەوانەوەی بەساڵاچووان دابین كراوە.**

**نۆهەم: هۆبەی توێژەران: هۆبەی توێژەرانی كۆمەڵایەتی كە ئەرك و كارەكانی لە بڕگەی دووەمی ماددەی ١١ی پەیڕەوی ماڵەكانی بەساڵاچووان هاتووە.**

**ماددەی (٢):**

**چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی كردنەوەی ماڵی بەساڵاچووان:**

**یەكەم: داواكاری مۆڵەت پێشكەش دەكرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی / بەشی پەیوەندیدار ، لە لایەن ئەو كەس و لایەنانەی داوای مۆڵەت دەكەن ، بە دوو وێنە بە پێی ئەو نموونەیەی كە وەزارەت ئامادەی دەكات كە تیایدا گشت ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:**

أ- وێنەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی لەگەڵ سێ وێنەی کەسی.

ب- بەڵگەنامەی بێ تاوانی.

ج- لاری نەبوونی ئاسایش.

د- وێنەیەك لە مۆڵەتی تەندروستی کە لە لایەنی پەیوەندیدار دەرچوویێت.

ە- وێنەیەك لە بەڵگەنامەی تەندروستی بۆ کارمەندانی نێو ماڵەکە.

و- وێنەیەك لە بەڵگەی مولکایەتی ئەگەر داواکار مولکی خۆی بوو یان گرێبەستی بە کرێ گرتن ئەگەر شوێنی ماڵەکە بەکرێ بوو.

**ماددەی ( ٣ ):**

لیژنەیەك بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی پێك دەهێندرێت لە ناوەندی هەر پارێزگایەك وە ئیدارەیەکی هەرێمی کوردستان. لە فەرمانبەرانی پسپۆر لە (توێژەری کۆمەڵایەتی، یاسایی و تەندروستی) کە هەڵدەستێت بە پشکنینی شوێن بۆ ماڵەکە بۆ دڵنیابوون لە مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە سیستەم و ڕێنماییەکانی دەرچوو، بەو پێ یە ڕاسپاردەکان بەرز دەکرێنەوە.

**ماددەی ( ٤ ):**

میلاکی ماڵەکانی بەساڵاچووان پێك دێت بە پێی ماددەی (١١) لە پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچووان لە :

**یەکەم** : بەڕێوەبەر و دوو یاریدەدەر .

**دووەم** : ژمارەیەك توێژەری کۆمەڵایەتی بەپێی پێویستی ئیش وکار و قەبارەی ماڵ و ژمارەی سودمەندان .

**سێیەم**: پزیشك و یاریدەدەری پزیشك بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین بۆ سودمەندان وچارەسەرکردنیان .

**چوارەم** : ژمارەیەك فەرمانبەری کارگێڕی و دارایی بەپێی پێویست و قەبارەی ئیش و کارەکان .

**پێنجەم** : ژمارەیەك فەرمانبەری خزمەتگوزار بۆ هەڵسان بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ ماڵ و سودمەندانی وەك فەرمانبەری (خزمەتگوزار، پاسەوان،چێشت لێنەر، شوفێر) .

**ماددەی ( ٥ ):**

ماڵی بەساڵاچووان دەبێت لە شوێنێکی ئارام و دوور لە جەنجاڵیو دەنگە دەنگ و ژینگەی پیس و هەر ماددەیەکی زیان بەخش بە تەندروستی و سەلامەتی بێت .

**ماددەی ( ٦ ):**

مەرجەکانی باڵەخانەی ماڵی بەساڵاچووان بۆ مەبەستی پێدانی مۆڵەت:

**یەکەم**: پێکهاتەی باڵاخانەکە لە کەرەستەی بیناسازی هەمیشەیی بێت و ڕەچاوی مەرجەکانی تەندروستی و ژینگەیی و پێوەری گشتی کرابێت.

**دووەم**:باڵاخانەکە لەنهۆمی زەمینی بێت  و گونجاو بێت لەگەڵ تواناکانی سوودمەندان و لەمانەی خوارەوە پێك بێت :-

أ- ژووری تایبەتی نووستن بە کەل و پەلی پێویست و گونجاو و تەندروستەوە بەمەرجێك بۆ هەر بەساڵاچوویێك (٥) م٢ تەرخان کرابێت. باشتریش وایە هەر دوو کەس یان سێ کەس لە یەك ژوور بن (بەدەر لەو بەساڵاچووانەی کە زۆر پەککەوتەن کە باشتر وایە هۆڵێکی تایبەت دابین بکرێتو تیایدا گشت پێداویستیەکانی بەساڵاچوو لە خۆ بگرێت).

ب- ژووری یەکەی پزیشکی کەسەرجەم پێداویستییەکانی فریاکەوتنی سەرەتاییو ئامێرە تەندروستییە پێویستەکانی (وەکو ئامێری پێوانی پاڵەپەستۆ و ڕێژەی شەکرە و...هتد) لەخۆ بگرێت.

ج- هۆڵی تایبەت بۆ پشوودانی بەساڵاچووان کە تیایدا ئامێری تەلەفزیۆن و ئەو یاریانەی بەساڵاچوو ئارەزووی لێ یەتی بۆ کات بەسەر بردن هەبێت.

د- گەرماو و ئاودەستی تەندروستی گونجاو لەگەڵ ژمارەی بەساڵاچووان.

هـ- هۆڵی وەرزش بە ئامیری وەرزشی گونجاو لەگەڵ سروشتی بەساڵاچووان، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی سووك.

و- ژووری نان خواردنی تەندروست جیا لە چێشتخانە، لەگەڵ سەرجەم کەلو پەلو ئامێرو پێداویستییەکانی.

ز- باخچەیەکی گونجاو لەگەڵ ژمارەی سوودمەندان بۆ ئەوەی بەساڵاچووان تیایدا پشو بدەن.

**ماددەی ( ٧ ):**

لەسەر ماڵەکانی بەساڵاچووانەکە:

**یەکەم:**

أ- ئامادەکردنو ڕێکخستنی تۆمارەکانی پێویست بەماڵی بەساڵاچووانی هەبێت کە سەرجەم زانیارییەکانی بەساڵاچوان لە خۆبگرێتو، ملکەچ بێت بۆ پشکنینو چاودێریو بەدواداچوون.

ب- ڕێکخستنی دۆسیەی تایبەت بەهەر بەساڵاچوویێك کە سەرجەم بەڵگەنامەو ڕاپۆرتو...هتد بەساڵاچوو لە خۆبگرێت .

**دووەم:** مافی وەزارەتە پابەندی بکات بە جێبەجێ کردنی ڕێکاری پێویست بۆ دەستەبەری و سەلامەتی بەساڵاچووان.

**سێیەم:** ئاگادار کردنەوەی خانەوادەی بەساڵاچووان لەکاتی نەخۆشی یان بوونی هەر گرفتێك.

**ماددەی ( ٨ ):**

بەهەڵاوێردکردنی ئەحکامی ماددەی (٥) لە پەیرەوی خانەی بەساڵاچوان ژمارە (٢) لە ساڵی ٢٠١٣ ، لە دەستەڵاتی وەزیر دایە بەساڵاچوو وەربگرێت بە لەبەرچاوگرتنی باری تایبەت ( جەستەیی و کۆمەڵایەتی ) کە احکامی برگەکانی ( أ و ج) لە ماددەی ئاماژە پێ کراو ، بەسەریدا جێ بە جێ نەکرێت .

**ماددەی ( ٩ ):**

**یەکەم :** نابێت ناوی ماڵەکە بگۆڕدرێت یان بگوازرێتەوە یان فراوان بکرێت بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرێوەبەری گشتی.

**دووەم :** فرۆشتن و دەستبەرداری مۆڵەت ناکرێت بۆ کەسێکی تر تەنها بە دەرکردنی مۆڵەتێکی نوێی تر نەبێت ، بەو مەرجانەی کە لە سیستەم و ڕێنمایەکاندا هاتووە.

**ماددەی (١٠):**

خشتەی خواردنی ڕۆژانە ، ڕێکدەخرێت لە لایەن ماڵی بەساڵاچوان و دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ مەبەستی پەسەندکردنی ، وە لەسەر ماڵی بەساڵاچوان پێویستە ڕۆژانە جێ بەجێی بکەن.

**ماددەی (١١):**

سەبارەت بە ماڵی بەساڵاچووانی حکومی:

**یەکەم:** ماڵی بەساڵاچووان هەموو پێداویستییەکانی سوودمەندان بە خۆرایی دابین دەکات لە شوێنی نیشتەجێ بوون و جل و بەرگ و خۆراك و خەرجی گیرفانو هەر پێداویستییەکی تر لە کاتی مانەوەی لە ماڵەکە.

**دووەم:** وەرگرتنی بەساڵاچووی خاوەن داهاتێکی جێگیر بە کرێیەکی مانگانە کە بڕەکەی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار دەبێت بە مەرجێك بڕی پارەی ماوە لە داهاتەکەی کەمتر نەبێت لە بڕی پارەی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (کە لە ئێستادا (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینارەو مافی وەرگرتنی خەرجی گیرفانی نابێت کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

بۆ نموونە : ئەگەر داهاتی بەساڵاچووێك (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزاردینار بوو تەنها (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار دەدات.

**سێیەم:** ئەو بەساڵاچووەی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت هاوکارییەکەی دەبڕدرێت، دوای وەرگیرانی لە ماڵی بەساڵاچووان.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم :** بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ئامانجی ماڵەکانی بەساڵاچووان کە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەت و چاودێری لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتیو تەندروستیو ڕۆشنبیری و..هتد، هەروەها بوونی پەیوەندی بەردەوامی بەساڵاچوو لەگەڵ کەس و کارو هاورێیەکانی و کۆمەڵگا بە گشتی ، بۆ ئەوەی هەمیشە وەك تاکێکی کارا لە نێو کۆمەڵگادا هەست بە بوونی خۆی بکات ، لەسەر هۆبەی توێژەران پێویستە پەیوەندی هاورێیەتی ڕاستەوخۆیان هەبێت لەگەڵ سوودمەندانی ماڵەکانی بەساڵاچووانو ڕاو بۆچوونەکانیان وەرگرنو بەشدارییان پێبکەن لەو کارو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە بەساڵاچووان، هەروەها پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ کەسو کاری بەساڵاچوو بە مەبەستی ڕێکخستنی سەردانی بەردەوامی کەسو کاری بەساڵاچوو بۆ ماڵی بەساڵاچووان.

**دووەم :** سەبارەت بەو سودمەندانەی کە ماڵەکانی بەساڵاچووان جێ دەهێڵن، لە سەر هۆبەی توێژەران پێویستە سەردانیان بکەنو لە باری دەروونیو کۆمەڵایەتییان بکۆڵنەوە، هەروەها بەردەوام یارمەتی بدرێن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان لەگەڵ کەسو کاریانو، یارمەتی بدرێن لە کاتی بوونی هەر کێشەو گرفتێك.

**ماددەی (١٣):**

هیچ کەسێك بۆی نیە دوای کێشانەوەی مۆڵەت بە هۆی سەرپێچی کردنی یاساو سیستەم و ڕێنمایی داوا پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی نویَ تاکو تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەرکێشانەوەی مۆڵەت.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**محمد قادر محمد**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی/**

**داواکاری پێدانی مۆلەتی ماڵی بەساڵاچووان**

ئەو لایەنەی داوای مۆڵەت دەکات.

ناونیشانی شوێنی لایەنەکە ........................ ژمارەی تەلەفۆن ..........

ناوی ڕێپێدراو بە کاری مۆڵەت وەرگرتن..........................................

پەیوەندی بەلایەنی داواکاری پێدانی مۆڵەت ...............................

ناوی ماڵەکە ........................ ناونیشانی ماڵەکە ........................

تابلۆی ماڵەکە ............................... مولك ...............................

بەکرێ............................. رووبەری گشتی .............................

رووبەری بیناکە...........................................................

ماڵەکە پێك دێت لە ( ) ژوور، ( ) هۆڵ ، ( ) شوێنی نان خواردن ، ( ) چیشتخانە

............................... ئاودەست ...............................

ڕووبەری باخچە............................دەورووبەری گەر هەبوو.....................

توانای ماڵەکە ....................... سوودمەند ............................

کارمەندی خزمەتگوزاری ناو ماڵەکە .........................................

ڕێپێدراو بەکاری مۆڵەت وەرگرتن:

واژوو: ڕێکەوت: